# قەڵەمی ژن لە ڕۆژنامەنوسی کوردیدا
## ( بەراوردێك لە نێوان هەردوو ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ و هاوڵاتی ) دا

م. ی. جوان جلال الدين محى الدين
زانکۆی سلێمانی
سکوڵی زانستە مرۆڤایەتیەکان
بەشی ڕاگەیاندن

**پێشەکی :**

ڕاگەیاندن یەکێکە لەو بوارە گرنگانەی لەدنیای ئەمرۆدا زۆرترین چاوی لەسەرە و هۆیەکی سەرەکیە بۆ هۆشیارکردنەوە و ئاڕاستەکردنی تاکەکانی کۆمەڵ، بە هۆیەکیش دادەنرێت بۆ دیاریکردنی پێشکەوتنەکانی کۆمەڵگەکان، بەوهۆیەشەوە ژن دەتوانێت لەم ڕێیەوە بوونی خۆی بسەلمێنێت و تواناکانی پیشانی تاکەکانی کۆمەڵگە بدات و ببێتە هۆکارێك بۆ پیشاندانی پێشکەوتەکانی کۆمەڵگەکەی.

دەکرێت ژنان لەڕێی قەڵەمەکانیانەوە بۆچونەکانیان لە بوارە جیاوازەکاندا بخەنە بەرچاوو بەلێکدانەوەکانیان شرۆڤە بۆ بابەتەکان بکەن، جا مەرج نیە ئەو بابەتانە تەنها تایبەت بن لە بواری ژناندا، یاخود بە بەدواداچونە ڕۆژنامەوانیەکانیان ڕێگە چارە بۆ زۆر کێشەی نێو کۆمەڵ بدۆزنەوە، لەهەمان کاتدا دەست بخەنە سەر چەندین کەموکورتی و بابەتە شاراوەکان ئاشکرا بکەن و ببنە پردێك بۆ گەیاندنی پەیامەکانی کۆمەڵگە لەڕێی پیشەکەیانەوە.

توێژەر ئەم توێژینەوەی دابەشکردووە بۆ سێ بەش، بەشی یەکەم کە چوارچێوەی توێژینەوەکەیە باس لە کێشەی توێژینەوەکە، ئامانج و گرنگی دیاریکردنی ئەم توێژینەوەیە، میتۆد و ناساندنی چەمکەکانی توێژینەوەکە، کەرەستە و خستنەڕووی توێژینەوەکانی پێشوو دەکات.

لەبەشی دووەمدا باس لە ژنی کورد کراوە لە نێو ڕۆژنامەوانی کوردیدا لەسەرەتای دەرکەوتنیەوە تا ئەم سەردەمە و بەراوردی بە وڵاتانی تر لەچوارچێوەی نەریتە کۆمەڵایەتیەکانیدا.

لەبەشی سێهەمیشدا ئەنجامی توێژینەوەکە لەڕووە پراکتیکیەکەیەوە شیکراوەتەوە و داتاکان خراوەتەڕوو و لێکدانەوەیان بۆ کراوە، دواتریش دەرئەنجامەکان و چەند پێشنیارێك خراوەتەڕوو.

**بەشی یەکەم: ڕێباز نامە**

**گرنگیی توێژینەوە**

گرنگیی ئەم توێژنەوەیە لەوەدایە قەڵەمی ژن یاخود نوسینەکانی ژن لە رۆژنامە کوردیەکاندا دەخرێتە روو کە واقیعانە رۆڵ و تواناکانی ژن لە بواری راگەیاندندا دەردەخات لەنێو پانتایی نەریتە کۆمەڵایەتیەکاندا، تا چەند ژن توانیویەتی لەرێی نوسینەوە کێشە و گرفتەکانی کۆمەڵگای کوردی بخاتە ڕوو لە چوارچێوەی ژانرە رۆژنامەوانیەکاندا، جا ئەو بابەتانە تایبەت بن بە ژنان یاخود هەر چینێکی تری کۆمەڵگا، بە تایبەت ساڵانە

ژمارەیەك لە رەگەزی مێینە لە ناوەندە ئەكادیمیەكانی راگەیاندندا دەردەچن و دەچنە نێو كەناڵەكانی راگەیاندنەوە.

**كێشەی توێژینەوە**

كێشەی ئەم توێژینەوەیە پرسیارە دەربارەی :

١. ئایا قەڵەمی ژن لە رۆژنامە كوردییەكاندا بە بەراورد بە ڕەگەزی بەرامبەر لە چ ئاستێكدایە؟

٢. ئایا بەراوردی رێژەی قەڵەمی ژنان لە رۆژنامە ئەهلی و حزبیەكاندا لە چوارچێوەی ژانرە رۆژنامەوانیەكاندا لە چ ئاستێكدایە؟

٣. ئایا ئەو ژانرانە كامانەن كەژنان زیاتر قەڵەمەكانیان تیایدا دیارە؟

٤. ئایا ژنان لە سەر چ بابەتێك زیاتر دەنوسن ؟ ئایا بابەتی تایبەت بە ژنانن یاخود هەر بابەتێكی تر لە چوارچێوەی ژانرە ڕۆژنامەوانیەكاندا؟

**ئامانجی توێژینەوە**

بۆ گەیشتن بە چارەسەری هەر كێشەیەك ئامانجی دیاریكراو هەیە، توێژەر لەم هەوڵە زانستیەدا دەیەوێت لەرێی ئەم ئامانجانەوە بگاتە رێگە چارەسەر بۆ كێشەی توێژینەوەكەی:

١- ناساندن و دیاریكردنی قەڵەمی ژن لە رۆژنامەی هاوڵاتی و كوردستانی نوێ دا بە بەراورد بە قەڵەمی رەگەزی بەرامبەر.

٢- دیاریكردنی ئەو بابەتانەی ژنان تیایدا دەنوسن، بابەتەكان تایبەتن بە ژنان یاخود هەر بوارێكی تر لە چوارچێوەی ژا نرە رۆژنامەوانیەكاندا.

٣- دیاریكردنی ئەو ژانرانەی ژنان زیاتر تیایدا دەنوسن و قەڵەمەكانیان دیارترە.

٤- دەرخستن و ریزبەندكردنی قەڵەمی ژن لە رۆژنامەی هاوڵاتی وە رۆژنامەیەكی "ئەهلی" و رۆژنامەی كوردستانی نوێ وەك رۆژنامەیەكی "حزبی".

**توێژینەوەكانی پێشوو**

توێژەر توانیویەتی دوو توێژینەوەی بەردەست بكەوێت كە یەكێكیان بە زمانی كوردیە و بەشێوەی كتێب بڵاوكراوەتەوە و چوار مامۆستای بواری راگەیاندن هەڵسەنگاندنیان بۆ كردووە بەناونیشانی "ژن لە رۆژنامەگەری كوردیدا" لەلایەن هیوا فریادرەس، ساڵی ٢٠٠٨، كە كاری لەسەر (٨) رۆژنامە و هەفتەنامە كردووە، لە توێژینەكەدا كار لەسەر ئەوەكراوە كە سامپڵەكانی توێژینەوەكە چەند گرنگی بە بابەتەكانی تایبەت بە ژنان دەدەن و بۆ هەریەك لە ژانرە ڕۆژنامەوانیەكان ژنان بەشداریان چەندە؟ و ژنانی ڕۆژنامەنوس خۆیان چەندە گرنگی بە بەدواداچوونی تایبەت بە كێشەكانی ژنان دەدەن.[١]

یەكێكی تر لەو توێژینەوانەی بەردەست توێژەر كەوتووە، توێژینەوەیەكە بەزمانی عەرەبی بەناونیشانی "المرأة العربية و الصحافة الالكترونية- دراسة تحليلية للحضور الاعلامي للمراة العربية في ثلاثة مواقع اعلامية

[١] هیوا فریادرەس، ژن لە رۆژنامەگەری كوردیدا، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٢

الكترونية"  كه لەلايەن توێژەر "د.محمد ابراهيم عايش" ەوە نوسراوە لە زانكۆی شاریقە لە ئیمارات ساڵی (٢٠٠٦). ئەم توێژینەوەیە زیاتر جەختی کردۆتە سەر جیاوازی دەرکەوتنەکانی ژن لە سامپڵی توێژینەوەکەیدا .[٢]

**دیاریکردنی چەمکەکان**

**ژن:** یەکێکە لە رەگەزەکانی مرۆڤایەتی و تەواوکەری رەگەزی بەرامبەریەتی؛ "دەستەواژەیەکە بۆ بونیادنانی کۆمەڵگەیەکی مێینە کە شوناس (ژن بوون) لە رێگەی رونکردنەوە وە بەکاردێت، فیمنیستە هاوچەرخەکان دەڵێن ئەو دەستەواژەیە گرێدراوی دژبەرەکەیەتی"[٣].

**قەڵەمی ژن:** قەڵەم مەبەستمان ئەو پێنوسە نیە کەبەهۆیەوە دەتوانین بنوسین، بەڵکو مەبەستمان خودی نوسینەکەیە، لەناویشیدا نوسینێکمان مەبەستە کە لەلایەن ژنەوە نوسرابێت لەچوارچێوەی ژانرە رۆژنامەوانیەکاندا کە ناوی دیاریکرابێت لەسەر بابەتەکە، جا راستەوخۆ پەیوەست بێت بە بابەتەکانی ژنانەوە یان هەر بوار و بابەتێکی تری نێو کۆمەڵ .

**ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ**

لای ڕاستی لۆگۆی ڕۆژنامەکەدا نوسراوە "ڕۆژنامەیەکی سیاسی گشتیی یە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەریدەکات"  لە بەرواری (١٩٩٢/١/١٢) ژمارە سفری بڵاوکراوەتەوە و تائێستا بەردەوامە و یەکەمین ڕۆژنامەی کوردیشە کە لەلایەن وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە مۆڵەتی پێدراوە، د. فوئاجمەعسوم خاوەن ئیمتیازیەتی، کوردستانی نوێ لەماوەی ئەنجامدانی توێژینەوەکەدا لە (١٦) لاپەڕە پێکهاتووە، هیچ لاپەڕەیەکی تایبەتی تیادا تەرنخاننەکراوە بۆ بابەتی ژنان، بەڵام لاپەڕەیەکی تایبەتی هەیە بەناوی (کەشتی نوح) کە بابەتی هەمەچەشنەی تیادا بڵاکراوەتەوە و لەوانە بابەتی هۆشیاری تەندروستی و منداڵان .

**ڕۆژنامەی هاوڵاتی:**

ڕۆژنامەی هاوڵاتی لەخوار لۆگۆکەی نوسراوە "ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەی سیاسی گشتی ئەهلیە، چاپخانەی ڕەنج دەریدەکات"  لەبەرواری (٢٠٠٠/١١/٥)  ژمارە سفری بڵاوکراوەتەوە کە (تاریق فاتیح) خاوەن ئیمتیازی بووە،  وتا کۆتایی مانگی شوباتی (٢٠١٦) بەردەوام بووە. لە ماوەی ئەنجامدانی توێژینەوەکەدا لە (٢٠) لاپەڕە پێکهاتووە، (٢) لاپەڕەی تایبەتی بە ژنان هەبووە بەناوی (کچانە و ماڵداری).

**میتۆدی توێژینەوە**

ئەم توێژینەویە پشتی بە میتۆدی وەسفی بەستووە بەبەکارهێنانی شیکاری ناوەڕۆك کە زیاتر لە بواری ڕاگەیاندندا بەکاردەهێنرێت بەمەبەستی وەسفکردنی ناوەرۆکی پرۆسەی گەیاندنەکە.

**سنوری توێژینەوە**

١. **بواری کات:** توێژەر لەم توێژینەوەیەدا مانگێکی هەڵبژاردووە (٢٠١٥/٧/١- ٢٠١٥/١٠/١) بەشێوەی مانگی دەستکرد لە نێوان مانگەکانی (تەمموز، ئاب، ئەیلولی ٢٠١٥)گە پێکهاتووە لە دە ڕۆژی سەرەتای مانگی تەموز (١-٧/١٠) ، دە

[٢] د. محمد ابراهيم عايش ، المرأة العربية و الصحافة الالكترونية- دراسة تحليلية للحضور الاعلامي للمراة العربية في ثلاثة مواقع اعلامية الكترونية، جامعة الشارقة، ٢٠٠٦.

[٣] مگی هام و سارا گمبل، ترجمه: فيروزه مهاجر ، فرهنگ نظرية های فمنستی، نشر توسعه، تهران، ١٣٨٢، ل ٤٦٩.

ڕۆژی ناوەراستی مانگی ئاب (١١-٨/٢٠)، دەرۆژی کۆتایی مانگی ئەیلول(٢١-٩/٣٠))  بۆ هەریەکە لە ڕۆژنامەی هاولاتی و کوردستانی نوێ؛ کە لە مانگی تەموزدا ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ لەو ماوەی وەرگیراوە (٩) ژمارەی لێدەرچووە و ڕۆژنامەی هاولاتیش (٧) ژمارە، لەمانگی ئابیشدا هەریەکەیان (٨) ژمارەیان لێ بلاوکراوەتەوە، بەهەمان شێوە لە مانگی ئەیلولدا هەریەکەیان (٢) ژمارەیان لێدەرچووە.

٢. **بواری شوێن:** توێژەر هەریەکە لە ڕۆژنامەی هاولاتی وەك ڕۆژنامەیەکی ئەهلی و ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ وەك ڕۆژنامەیەکی حزبی کردووەتە نموونەی وەرگیراوی توێژینەوەکە تا لە ڕێیانەوە ئاستی جیاوازی قەڵەمی ژن بکات و بگات بە ئامانجەکانی کە نوسینگەی سەرەکی هەردوکیان لە پارێزگای سلێمانی بوون لە هەرێمی کوردستانی عێراق.

**ئامرازەکانی توێژینەوە**

**ڕاستی :** ئەم توێژینەوەیە پشتی بە ڕاستی ڕواڵەتی بەستووە لەڕێگەی پیشاندانی فۆڕمی شیکاری ناوەڕۆکەکە بە ژمارەیەك پسپۆڕی زانستی ڕاگەیاندن* کە ڕێژەی هاوڕابوونی پسپۆڕەکان بەرێژەی (٩٣.٣٪) بوو.

**جێگیری:** دوای دڵنیا بوون لەو پێوەرەی دانراون بۆ پێوانەکردنی ئەنجامدانی جێگیرییەکە، ئەنجامەکەی (٠.٩٦) بوو کە ئەمەش ڕێژەیەکی گونجاوە.

**بەشی دووەم: لایەتی تیۆری**

**ژنی کورد و ڕۆژنامەوانی :**

ژن لەناو هۆز و تیرە جیاوازەکانی کۆمەڵگەدا بەپێی داب و نەریتی ئەو هۆز و تیرەیە لەناو کۆمەڵگادا ناسراوە، ژنی کورد بەدرێژایی مێژوو گیرۆدەی داب و نەریتی کۆمەڵایەتی بووە و  تا سەردەمانێکی زۆر لە ماف و ئازادییەکانی بێبەش بووە، پەیوەست بوونی بەو کلتورەوە زۆرکات بووەتە ڕێگر. ئاشکرایە کە ژنان زیاتر کەوتونەتەبەر ئەو کاریگەرییە کۆمەڵایەتیەوە؛ بەڵام گەریدە ئەوروپییەکان گەلێك بەشان و باڵی ژنی کوردا هەڵیانداوە، ئەوان لە وۆژهەڵاتەوە هاتونەتە شاخ و داخەکانی کوردستان و ژنی کوردییان بە باشتر داناوە.[٤]

نوسین وەك یەکێك لە بوارەکانی ڕاگەیاندن یەکێکە لەوبوارانەی کە ژنی کورد سەرەڕای ڕێگرییەکانی بەردەوام هەوڵیداوە بوونی خۆی بسەلمێنێت، ژن مەبەستیەتی لەو ڕێگەیەوە بۆچونەکانی خۆی بخاتەڕوو کە تیایدا تواناکانی خۆی لە بوارە جیاوازەکاندا دەربڕێت و کۆمەڵگای پێ ئاشنا بکات و هۆشیاریان پێ بدات وەك ڕووبەڕوو بونەوەیەك بۆ کۆمەڵگای پیاوسالاری هەروەها وەك خولیا و ئارەزوویەکیشی بۆ بوارەکە.

بەپێی توێژینەوەیەك کە لە ساڵی (٢٠٠٩) لە هەرێمی کوردستان کراوە، بەپلەی یەکەم ژنانی ڕۆژنامەوان مەبەستی کارکردنیان بۆ خولیا و ئارەزوویان گەڕاندۆتەوە، بەپلەی دووەمیش بۆ خۆسەلماندن، هەرچی مەبەستی بژێوی و ناوبانگە بە پلەی سێهەم و چوارەم هاتووە، لە پلەی پێنجەمیشدا بەمەبەستی خۆسەپاندن ئەوکارەیان هەڵبژاردووە سەرەڕای ڕێگریەکانیش کە بەپلەی یەکەم هۆکارەکەیان بۆ ڕەنگدانەوەی کۆمەڵگەی پیاوسالاری گەڕاندۆتەوە  هەوەها پێیان وایە کە پیاو پابەندبوونی تری نیە و کاتیان زیاترە[٥].

* پ.ی.د. نەزاکەت حمە سعید – زانکۆی سلێمانی، د. سلام نصرالدین- زانکۆی سلێمانی، م. یۆهان عوسمان- زانکۆی سلێمانی.

[٤] د. کەمال مەزهەر، ئافرەت لە مێژوودا، چاپخانەی الحوادپ، بغداد، ١٩٨١، ل٣٣.

[٥] چیمەن محەمەد ڕەشید، گرفتە پیشەییەکانی ژنانی ڕۆژنامەوان لە هەرێمی کوردستاندا (توێژینەوەیەکی مەیدانیە)، ماستەرنامە (بلاونەکراوە)، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان، بەشی ڕاگەیاندن، ٢٠٠٩،ل ١٥٥، ٢٣٧.

لەسەرەتای رۆژنامەوانیی کوردیدا ژنی تێدا نەبووە هەروەك سەرەتای دامەزرێنەرانی راگەیاندنی جیهانیش پیاوان بوون و بەغیابی ژن دەرکەتوون، دواتر ژن هاتۆتە نێو بوارەکەوە، بەڵام روناکبیرانی کوردی ئەو سەردەمە کەلە بواری رۆژنامەنوسیدا کاریان کردووە بابەتیان لە بارەی ژنانەوە نوسیوە و داوای ئازادی ژنی کوردییان کردووە لە کۆتوبەندە کۆمەڵایەتیەکان وە هانیانداون بۆ خوێندن و خۆرۆشنبیرکردن، هەروەها ڕۆڵی ژنیان بەرزنرخاندووە لە لەبواری ئابوری و یەکسانی کۆمەڵایەتیدا.[٦] ئەمە ئەوە دەسەلمێنێت کە رۆژنامەوانی کوردی هەوڵیداوە ئەو توێژە گرنگەی کۆمەڵگا لەیاد نەکات و بابەتی بۆ نوسیون. بەڵام دەبێت ئەوە بەهەند وەربگیرێت کە ئەو نوسینانەی پیاوان بەناوی ژنەوە دەیانوسن و بلاّوی دەکەنەوە ڕەنگدانەوەی عەقڵیەتی پیاون، لەبەر ئەوەی کۆمەڵگەی ئێمەش کۆمەلگەی پیاوسالاریە دەکرێت بیرو ڕای پیاو لەنوسینی ژنانیشدا ڕەنگبداتەوە، ڕەنگە هەندێك جاریش ئەو پیاوانە مەبەستیان خزمەتکردن بێت ، بەلاّم مەرجیش نیە هەمیشە وابکەوێتەوە، هەروەها پیاوان ناتوانن لە تەواوی حەزو وویستەکانی ژنان تێبگەن .واتە نەپیاوان دەتوانن وەك پێویست جێگەی ژنان بگرنەوە، نە ژنانیش بە شێوەیەکی سروشتی پێگەی ڕاستی خۆیان دەدۆزنەوە. ڕەنگە لە هەندێك نوسیندا نەتوانرێت سیماکانی هەستی ژن بدۆزرێتەوە .[٧]

دەرکەوتنی ناوی ژن لە کایەی رۆژنامەگەری کوردیدا، بەنزیکەی سی ساڵ دوای دەرچوونی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی دێت و دەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕاستی بیستەکانی سەدەی بیستەم لەهەردوو رۆژنامەی (ژیان) و (ژین)دا، کە ناوی کچانە بەرچاو دەکەوێت کە نوسەری بابەتەکان کچ نەبوون، بەڵکو ئەوە هاندانێك بووە بۆ کچان و ژنان و ڕاکێشانیان بۆ مەیدانی نوسین.[٨]

یەکەم قەڵەمی ژنی کورد دەتوانرێت بوترێت (گوزیدە عەزیز) بەڕێوەبەری قوتابخانەی کچانی سلێمانی یە لە نێو ڕۆژنامەگەری کوردیدا کە لە (٢٢ی نیسانی ١٩٢٦) دا لە لاپەڕە (١ ی ژمارە ١٣ ی ساڵی یەکەمی ڕۆژنامەی ژیان)دا بابەتێکی بڵاوکردۆتەوە بەناوی (ژن و تەئسیراتی لە حەیاتی مەدەنیدا)، [٩] کە قەڵەمەکەی کردۆتە هۆکار بۆ دەربڕینی بیرو بۆچونەکانی کە ڕێگە خۆشکەربووە بۆ دەرکەوتنی چەندین قەڵەمی تر.

سەبارەت بە بوونی ڕۆژنامەنوسی ژن "(ڕەوشەن بەدرخان) کە لە ساڵانی (١٩٠٩-١٩٩٢) ژیاوە، دەتوانرێت بە یەکەم ژنە ڕۆژنامەنوسی کورد دابنرێت، چونکە لە گۆڤاری (هاوار) دا هاوکارێکی بەردەوامی (جەلادەت بەدرخان)ی هاوسەری بووە، هەروەها (ڕەحمەخان)ی کچی پیرەمێری شاعیریش کە پاش مردنی باوکی، ساڵی (١٩٤٥) خاوەن ئیمتیازی ڕۆژنامەی (ژین)ی وەرگرتووە".[١٠]

---

٦ نادیە عمر کاکەسور، ڕۆڵی ئافرەت لە راگەیاندنی کوردیدا، ماستەرنامە (بڵاونەکراوە)، زانکۆی سەلاّحەدین، کۆلێژی ئاداب، بەشی کۆمەڵناسی، ٢٠٠٤، ل٧٦.

٧ رۆژە حمەوەیس، بونیاد و ڕێکخستنی بابەت لە رۆژنامەی ژناندا، ماستەرنامە (بڵاونەکراوە) زانکۆی سلێمانی، بەشی راگەیاندن، ٢٠١١، ل ٤٩.

٨ هیوا فریادڕەس، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٩.

٩ نادیە عمر کاکەسور، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٨١.

١٠ هەڤاڵ ئەبوبەکر، چەشنە ئەدەبی و ڕۆژنامەنوسییەکان و ڕەنگدانەوەی لە "ژین و ژیان"دا، ٢٠٠٧، ل٢٣٨.

دەرکەوتەکانی قەڵەمی ژنی کورد "تا ساڵانی شەستەکان لەبواری ڕۆژنامەگەریدا لاوازبوون و لەشەست و حەفتاکانەوە ژمارەی ژنانی قەڵەم بەدەست روو لەهەڵکشان دەکات"[11]، دواتر گۆڕانی بارودۆخی سیاسی بووەتە هۆی ڕێگری بۆ لاوازی قەڵەمی ژن، چونکە ڕژێمی بەعس هۆکاربووە بۆ ڕێگری لە رۆژنامەوانی کوردی بەگشتی . بەڵام لە دوای ڕاپەرینی (١٩٩١)ی گەلی کورد دەیان گۆڤار و ڕۆژنامەی کوردی دەرکەوتن لە ناویشیاندا چەندان ناوی ژن دەرکەوت، لەگەڵ دەرکەوتنەوەی رۆژنامە و گۆڤاری تایبەت بەژنایش بەجۆرێك "لە نێوان ساڵانی (١٩٩١-٢٠٠٢) دا زیاتر لە (٢٨) گۆڤار و بڵاوکراوەی تایبەت بە ژنی کورد لەناوەوەی کوردستان و (١٤)ی تریش لە دەرەوەی  وڵات دەرچوون، بەڵام بەشێکی زۆر لەم گۆڤار و بڵاوکراوانە تەنیا چەند ژمارەیەکیان لێدەرچووە پاشان وەستاون".[12]

کردنەوەی بەشەکانی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەنوسی لە نێو زانکۆ و پەیمانگاکانی کوردستان ڕێگە خۆشکەرێکی تربووە بۆ دەرکەوتنی زیاتری ژنان و ڕاهێنانیان بەشێوەیەکی ئەکادیمی و کارکردنیان لەنێو سێکتەرە جیاوازەکانی ڕاگەیاندندا ، بەڵام دەبێت هەمیشە ئەوە لەبەرچاوبێت کە کاری ڕاگەیاندن کاری ئارەزوو خولیای تاکە نەك تەنها خوێندن هۆکاربێت بۆ دەرکەوتنی، بەومانایەی مەرج نیە ئەوەی ڕاگەیاندن تەواو بکات ببێتە ڕۆژنامەنوس جا ژن بێت یان پیاو.

بەپێی توێژینەوەیەکی ئەکادیمی کە ساڵی (٢٠١٥)  لە هەریەکە لە بەشی ڕاگەیاندنی زانکۆی سلێمانی و زانکۆی سەلاحەدین ئەنجامدراوە لەنێو (٨) کەناڵی ئاسمانی کوردیدا لە سێ پارێزگای (دهۆك، سلێمانی ، هەولێر) دا (١٣٢) ڕۆژنامەنوسی ژن بونیان هەبووە لەنێو ئەو کەناڵانەدا کە لە بەشە جیاوازەکانیدا وەك ڕۆژنامەنوس کاریان کردووە.[13] کە بەنزیکەیی دەکاتە (١٦) ڕۆژنامەنوس لە هەریەکە لە کەناڵەکانی سامپڵی توێژینەوەکە، بەهەمان شێوەی توێژینەوەکەی ساڵی (٢٠٠٨)ی "هیوا فریادرەس" کە گەیشتوە بەو دەرئەنجامەی ژن لە کاری رۆژنامەنوسی کوردیدا رۆڵێکی ئەوتۆی نیە بەجۆرێك کەمتر (٦٪)ی بابەتە جۆربەجۆرە رۆژنامەوانییەکان ژن بەسازکردنی هەڵدەستێت.[14] لەکاتێکدا ژنی کورد لە ساڵی (١٩٤٥) ئەرکی خاوەن ئیمتیازی ڕۆژنامەیەکی وەك (ژین)ی گرتۆتە ئەستۆ. هەروەها  لە (١٩٤٨)دا لە گۆڤارێکی وەك (نزار) کە گۆڤارێکی سیاسی هەفتانەبووە، ژن بەشداری هەبووە و بە قەڵەمەکەی هەوڵی داوە باس لە ماف و ئازادیەکانی ژن بکات و ئاشنای بکات بە خوێنەران و  ژنی کورد.[15] بەڵام بەپێی توێژینەوەیەکی تر کەلەسەر گرفتەکانی ژنی ڕۆژنامەوان کراوە لە هەرێمی کوردستاندا نزیکەی(٤٠٠) ڕۆژنامەنوسی ژن بونیان هەبووە، کە (٥٨.٢٠٪) لە دەزگا ڕاگەیاندنە حزبیەکان کاریان کردووە ، (٢٤.٦١٪) لە ئەهلیەکان کاریان کردووە ، (١١.٧٩٪) لە رێکخراوەکانی ژنان و کەمترینیان بەرێژەی (٥.٣٨٪)

---

١١ هیوا فریاد رەس،  سەرچاوەی پێشوو ، ل ٦٠

١٢ هیوا فریادرەس، هەمان سەرچاوە ، ل ٦١.

١٣ أ.م.د.حبيب مال الله، م.م. بەناز حمة رشيد، الضغوط المهنية على الاعلاميات في القنوات الفضائية الكوردية دراسة ميدانية، المجلة الجامعة دهوك، مجلد (١٩)، عدد (٢)، ٢٠١٦ .

١٤ هیوا فریادرەس، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣٢.

١٥ صدیق ساڵح، گۆڤاری نزار، چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٠.

له دەزگا ڕاگەیاندنە حکومیەکان کای ڕۆژنامەوانیان کردووە، کە بوونی فرە حزبی لە هەرێمی کوردستاندا و ڕۆژنامەوانی حزبی بواری بۆ ڕۆژنامەوان بە ڕۆژنامەوانی ژنیشەوە ڕەخساندووە بۆ کارکردن.[١٦]

بەڵام بەتێڕوانین لە وڵاتێکی دیموکراسی وەك ئەمەریکا هێشتا بەشداری ژنان لەبواری ڕاگەیاندندا لە ئاستێکی پێویستدا نیە، بەپێی توێژینەوەیەکی کۆمەڵەی ئەمریکی بۆ ئامادەکردنی هەواڵ (ASNE) کە ساڵی (٢٠١٣) ئەنجامیداوە لەسەر (٩٧٨) ڕۆژنامەی ڕۆژانە لە نێو (٧٠) نەتەوەی جیاواز، گەیشتوە بەو ئەنجامەی (٣٦٪)ی ژنانی ڕۆژنامەنوس لە نێو ستافی ڕۆژنامەکاندان، ئەم ڕێژەیەش گۆڕانێکی ئەوتۆی بەخۆوە نەدیوە بە بەراورد بە دوو دەیەی رابردوو کە ڕێژەکەی لە نێوان (٣٥٪ -٣٦٪) بوە.[١٧] ، لەم تێڕوانینەوە دەتوانین بڵێین کەمی ژنی کورد لەم بوارەدا تاڕادەیەك ئاساییە، بەتایبەت کە لە ساڵی (٢٠١٦)دا لە هەرێمی کوردستان تەنها (٢٣) ڕۆژنامە و گۆڤار بەردەوامن لەکار،[١٨] بەڵام دەبێت هەوڵی زیاتر بدرێت تاوەکو قەڵەمەکانی ژنان ئازادتر دەرکەون و پەنجە بخەنە سەر برینەکانی کۆمەڵگە و چارە بۆ کێشەکان بدۆزنەوە و لە پەراوێزدا نەبن.

## بەشی سێیەم: لایەنی مەیدانی

### قەڵەمی ژن لە ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ و هاوڵاتی) دا

لەئەنجامی شیکردنەوەی ناوەڕۆژکی ژانرە ڕۆژنامەوانیەکانی هەردوو ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ و هاوڵاتی) کە توێژەر تەنها شیکاری بۆ ئەو بابەتانە کردووە کە ناویان لێنوسراوە، چونکە هەندێك بابەت لە ڕۆژنامەکاندا بڵاکراونەتەوە هیچ ناوێکیان بەسەررەوە نەبووە یاخود بەناوی ڕۆژنامەکەوە بڵاوکراونەتەوە، ئەمەش لەگەڵ ئامانجی توێژینەوەکەدا یەکگیرنەبووە، بۆیە توێژەر خۆی لێ بەدوور گرتوون، لە کۆتادا توێژەر گەیشتووە بەم ئەنجامانە :

١٦چیمەن محەمەد ڕەشید، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٤-١٣٥.

١٧ Women's Media Center, The Status of Women in the U. S. Media ٢٠١٤, ,٢٠١٤, p٩

١٨ ئەنوەر حسین ، جێگری نەقیبی سەندیکای ڕۆژنامەنوسانی کوردستان، چاوپێکەوتن- بەرنامەی بەیانیانی (KNN) ، کەناڵی ئاسمانی (KNN)، ٢٠١٦/٧/٢٣، ٨:٣٠ ی سپێدە.

١. قەڵەمی ژن لە چوارچێوەی ژانرە ڕۆژنامەوانیەکاندا لە ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) و (هاوڵاتی)دا

**خشتەی (١)**

**قەڵەمی ژن لە ژانرە ڕۆژنامەوانیەکاندا**

| ژانرەکان | ڕۆژنامەی هاوڵاتی | | | | کوردستانی نوێ | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | قەڵەمی ژن | | قەڵەمی پیاو | | قەڵەمی ژن | | قەڵەمی پیاو | |
| | چەندبارە | ٪ | چەندبارە | ٪ | چەندبارە | ٪ | چەندبارە | ٪ |
| هەواڵ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٣١ | ٩.٧١ |
| ڕاپۆرت | ٠ | ٠ | ١٣٣ | ٦٥.٣٤ | ٥ | ١.٥٦ | ٩٧ | ٣٠.٤٠ |
| ریپۆرتاژ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ١ | ٠.٣١ |
| وتار | ١ | ٠.٤٩ | ٦٢ | ٣٠.٦٩ | ٨ | ٢.٥٠ | ١٧٣ | ٥٤.٢٣ |
| چاوپێکەوتن | ٠ | ٠ | ٥ | ٢.٤٧ | ٠ | ٠ | ٢ | ٠.٦٢ |
| فۆتۆ ستۆری | ٠ | ٠ | ١ | ٠.٤٩ | ٢ | ٠.٦٢ | ٠ | ٠ |
| کۆ | ١ | ٠.٤٩ | ٢٠١ | ٩٨.٩٩ | ١٥ | ٤.٦٨ | ٣٠٤ | ٩٥.٢٧ |

لە خشتەی (١) دا دەردەکەوێت کە قەڵەمی ژن لەچوارچێوەی ژانرە رۆنامەوانیەکانی هەردوو ڕۆژنامەی سامپڵی توێژینەوەکەدا لە ئاستێکی زۆر نزمدایە، بەجۆرێك کە لە ڕۆژنامەی هاوڵاتی دا تەنها (١) بابەت بەرێژەی (٠.٤٩٪) لەبەرامبەردا ڕێژەی قەڵەمی ڕەگەزی بەرامبەر (٩٨.٩٩٪) یە کە زۆرینەی قەڵەمەکانی نێو ڕۆژنامەکە لەخۆدەگرن، ئەو تەنها قەڵەمەی ژنیش بیروڕای نوسەرێکی ژنە لە کاتێکدا ڕۆژنامەکە (٢) لاپەڕەی تایبەت بە ژنانی هەیە، بەڵام بەوتەی سەرنوسەری ڕۆژنامەکە سێ لاپەڕەی (مناڵان، کچانە، ماڵداری) لەلایەن ژنێکەوە سەرپەرشتی کراون و بابەتەکانیان ئامادە کراوە بەناوی (تافان)[١٩]، بەڵام لەهیچ شوێنێکی ڕۆژنامەکەدا ناوی نەهاتووە و بابەتی نەبووە، بەڵکو بابەتەکان تەنها ئامادەکردن بوون. بەڵام قەڵەمی ژنان لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ دا ڕێژەکەی بەرزترە بەبەراورد بە ڕۆژنامەی هاوڵاتی، گەیشتۆتە (٤.٦٨٪) ی کۆی (١٥) ژانر ، بەڵام قەڵەی پیاوان تیایدا لە پلەی یەکەمدایە بەرێژەی (٩٥.٢٧٪) کە بەهەمان شێوە زۆرینەیان لە چوارچێوەی وتاردان کە هاوتایە لەگەڵ سیاسەتی ڕۆژنامەکە بەجۆرێك وتار ڕێژەی (٥٤.٢٣٪)یە، بەپێچەوانەی ڕۆژنامەی هاوڵاتی کە ڕاپۆرت لە پلەی یەکەمدایە. ئەم ڕێژانە ئەوەمان بۆ دەردەخات کە ژنان دەیانەوێت لە ڕێی قەڵەمەکەیانەوە بیروبۆچونە تایبەتەکانیان دەربخەن نەك ئەوەی بەدواداچوون بۆ کێشە و بۆچونەکان بکەن، هەروەها هیچ یەکێك لە ڕۆژنامەی ئەهلی و حزبی گرنگی بە بوونی قەڵەمی ژن نادەن بەوەی کە لاپەڕەیەك تەرخان بکەن بۆ قەڵەمی ژنان. ئەم ئەنجامە لەکاتێکدایە کە بەپێی توێژینەوە ئەکدیمیەکەی ساڵی (٢٠٠٩) ی

[١٩] شۆڕش خالید، دواین سەرنوسەری ڕۆژنامەی هاوڵاتی، چاوپێکەوتنی ئەلکترۆنی لەرێی سۆشیال میدیاوە، بەرواری (٢٠١٦/٧/٥).

تایبەت بە گرفتەکانی ژنانی ڕۆژنامەوان بە پلەی یەکەم سامپڵی بەشداربووی توێژینەوەکە کاریان لە ژانری هەواڵدا کردووە.[٢٠]

٢. ئەو بوارانەی ژنان نوسینیان تیایدا هەیە .

**خشتەی (٢)**

**قەڵەمی ژنان بەپێی بوارەکان**

| بوارەکان | هاوڵاتی | | کوردستانی نوێ | |
|---|---|---|---|---|
| | چەندبارە | ٪ | چەندبارە | ٪ |
| سیاسی | ١ | ٪١٠٠ | ١٠ | ٦٦.٦٦ |
| کۆمەڵایەتی | ٠ | ٠ | ٣ | ٢٠ |
| ڕۆشنبیری | ٠ | ٠ | ٢ | ١٣.٣٣ |
| ئابوری | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ |
| تەندروستی | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ |
| پەروەردەیی | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ |
| ئاینی | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ |
| وەرزشی | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ |
| جوانکاری (دیزاین) | | ٠ | ٠ | ٠ |
| کۆ | ١ | ١٠٠ | ١٥ | ٩٩.٩٩ |

لەخشتەی (٢) ئەوە روندەبێتەوە لە هەردوو ڕۆژنامەکەدا ژنان گرنگی بە بواری سیاسی دەدەن، بەجۆرێك لە ڕۆژنامەی هاوڵاتیدا (٪١٠٠) و لە کوردستانی نوێ دا بە پلەی یەکەم و بە ڕێژەی (٪٦٦.٦٦)، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە ژنانیش بەهۆی ئەو ژینگە سیاسیەی لەم هەرێمەدا خوڵقاوە کەوتونەتە ژێر ئەو کاریگەرییەوە و زیاتر دەخوازن تێکەڵی بواری سیاسی بن و لەو ڕێیەوە بۆچونەکانیان بخەنەڕوو، چونکە سەرجەم بوارەکان بەستراونەتەوە بە کایە سیاسیەکەوە، بەومانایەی ئەگەر کایە سیاسیەکە باش بکرێت پێدەچێت بتوانرێت بوارەکانی تریش ڕێچکەی ڕاستی خۆیان وەربگرن.

[٢٠] چیمەن محەمەد ڕەشید، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٣.

٣. ئەو بوارانەی قەڵەمەکانی ژنان لەخۆیان دەگرن، لەبابەتەکانی پەیوەست بە ژناندا

**خشتەی (٣)**

**بابەتەکانی پەیوەست بە ژنان**

| بوارەکان | هاوڵاتی | | کوردستانی نوێ | |
|---|---|---|---|---|
| | چەندبارە | ٪ | چەندبارە | ٪ |
| ژن و بەشداریی سیاسی | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ |
| فێمینزم | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ |
| ناساندنی ژنانی چالاك | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ |
| کێشەکانی خێزان | ٠ | ٠ | ١ | ١٠٠ |
| چالاکیەکانی ژنان | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ |
| تەندروستی ژنان | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ |
| ژن و ڕۆشنبیری | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ |
| جوانکاری ژنان | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ |
| کۆ | ٠ | ٠ | ١ | ١٠٠ |

لە خشتەی (٣) دا دەردەکەوێت تەنها (١) بابەت لە هەردوو ڕۆژنامەکەدا تایبەت بە بوارەکانی ژیانی ژنان نوسراوە ئەویش لەچوارچێوەی فۆتۆ ستۆریەکدا کە لەرێی وێنە و وشەوە توانیویەتی ئازارەکانی ژنان دەربخات لەکاتی سوتانیاندا کەبەهۆی کێشە خێزانیەکانەوە پەنای بۆدەبەن، ڕۆژنامەنوسەکە هەوڵیداوە هۆشیاری ئەوە بە ژنان بدات کە ئەگەر ئەو ڕێگەیە بگرنەبەر دواتر توشی چ ئازارێکی جەستەیی دەبنەوە، بوونی ئەو ژمارە کەمە ئەوە دەردەخات کە ڕۆژنامەکان گرنگی بە بابەتەکانی ژنان نادەن، بەڵکو هەموو بایەخپێدانێکیان تەنها بوارە سیاسیەکانە بەجۆرێك وەك پێشتر ئاماژەی پێکرا ژنانیش گرنگی زیاتر بەو بوارە دەدەن لەجیاتی بوارەکانی تایبەت بەخۆیان لەکاتێکدا وا گونجاوترە کە ژنان خۆیان زیاتر لەو بابەتانە نزیك ببنەوە کە تایبەتە بە جیهانەکەی خۆیان تا بتوانن ماف و ئەرکەکانی خۆیان بە باشی بگەیەنن.

٤. قەڵەمی ژنی بەشدار بەپێی کار و پیشەکانیان.

خشتەی (٤)

قەڵەمی ژنان و پیشەکانیان

| ڕۆژنامەکان | ڕۆژنامەنوس | | چالاکوان | | سیاسی | | کۆی چەندبارە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | چەندبارە | ٪ | چەندبارە | ٪ | چەندبارە | ٪ | |
| هاوڵاتی | ٠ | ٠ | ١ | ١٠٠ | ٠ | ٠ | ١ |
| کوردستانی نوێ | ٥ | ٣٣.٣٣ | ٥ | ٣٣.٣٣ | ٥ | ٣٣.٣٣ | ١٥ |
| کۆی چەندبارە | ٥ | | ٦ | | ٥ | | ١٦ |

خشتەی (٤) ئەوە دەردەخات کە ئەو بابەتانەی لەلایەن ژنانەوە نوسراون لە ڕۆژنامەکانی سامپڵی توێژینەوەکەوەدا زۆرترینیان ژنانی چالاکوانن لە بوارەکانی ژنان وکۆمەڵگەی مەدەنیدا کە ژمارەیان (٦) ژنە، لەو ژمارەیە پشکی زۆرینە بەر ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ کەوتووە کە (٥) چالاکوان بە قەڵەمەکانیان بۆچونەکانی خۆیان خستۆتەڕوو، زۆری ڕێژەی ژنانی چالاکوان ئەوە دەسەلمێنێت کە ئەوان بەردەوام دەیانەوێت بۆچونەکانیان بڵاوبکەنەوە تا بگات بە زۆرینەی تاکەکانی کۆمەڵگە ڕاگەیاندنیش هۆیەکی کاریگەرە.

قەڵەمەکانی ژنان لە کوردستانی نوێ دا یەکسانن بەپێی پیشەکانیان، کە هەریەکەیان بەرێژەی ( ٣٣.٣٣٪) بەشداریان هەیە، دەکرێت بڵێن بەشداری ژنانی سیاسی لە کوردستانی نوێ دا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ڕۆژنامەکە حزبیە و کادرانی خۆی بە ئازادانە دەتوانن بۆچونەکانی خۆیان لە چوارچێوەی بیروڕای حزبەکەیاندا بڵاوبکەنەوە.

## دەرەنجام

١. قەڵەمی ژن لە هەریەکە لە ڕۆژنامەی هاوڵاتی و کوردستانی نوێ دا کەمترین بەشداریان هەیە بەبەراورد بە قەڵەمی ڕەگەزی بەرامبەر.
٢. قەڵەمەکانی ژنان لەهەریەکە لە ڕۆژنامەکانی سامپڵی توێژینەوەکەدا بەپلەی یەکەم لە بواری سیاسیدان.
٣. قەڵەمەکانی ژنانی سامپڵی توێژینەوەکە بەپلەی یەکەم لەچوارچێوەی ژانری وتاردایە.
٤. قەڵەمی ژن لە ڕۆژنامەی حزبیدا زیاتر و دیارترە وەك لە ڕۆژنامەی ئەهلی کە تەنها یەك قەڵەمی ژن بوونی هەبووە.

## ڕاسپاردە

١. ئەنجامدانی توێژینەوەی دیکە تا هۆکاری کەمی بەشداری قەڵەمی ژنان دەستنیشان بکرێت.
٢. ئەنجامدانی توێژینەوەی دیکە کە هۆکاری گرنگی بایەخپێدانی ژنان بە بواری سیاسی و ئارەزووکردنیان بۆ ئەو بوارە دەستنیشان بکرێت.
٣. ئەنجامدانی توێژینەوەی دیکە کە ژمارە و ڕێژەی ئەو ژنانە دەستنیشان بکات کە لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا وەك ڕۆژنامەنوس کاردەکەن.

## پێشنیار

١. ڕۆژنامەکان گرنگی زیاتر بدەن بە قەڵەمی ژنان و کارئاسانی بکەن بۆ کارکردنی ڕۆژنامەنوسی ژن لەنێو ڕۆژنامەکاندا.
٢. ڕۆژنامەکان هەوڵبدەن لاپەڕەی تایبەت تەرخان بکەن بۆ بابەتەکانی ژنان.
٣. ڕۆژنامەکان دەرفەتی زیاتر بدەن بە ژنان تا لەسەرجەم ژانرە ڕۆژنامەوانیەکاندا کار بکەن و بابەتەکانیان بڵاوبکەنەوە.

### سەرچاوەکان


#### سەرچاوە ی کوردی

١. صدیق ساڵح، گۆڤاری نزار، چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٠.
٢. کەمال مەزهەر، ئافرەت لە مێژوودا، چاپخانەی الحوادث، بغداد، ١٩٨١.
٣. هەڤاڵ ئەبوبەکر، چەشنە ئەدەبی و ڕۆژنامەنوسییەکان و ڕەنگدانەوەی لە "ژین و ژیان"دا، ٢٠٠٧.
٤. هیوا فریادڕەس، ژن لە رۆژنامەگەری کوردیدا، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٢.

#### سەرچاوەی فارسی

١. مگی هام و سارا گمبل، ترجمە: فیروزه مهاجر ، فرهنگ نظریة های فمنستی، نشر توسعه، تهران، ١٣٨٢.

**سەرچاوەی ئینگلیزی**

١. Women's Media Center ,The Status of Women in the U. S. Media ٢٠١٤ , ,٢٠١٤.

**توێژینەوە**

١. أ.م.د.حبيب مال الله، م.م. بەناز حمة رشيد، الضغوط المهنية على الاعلاميات في القنوات الفضائية الكوردية دراسة ميدانية، المجلة الجامعة دهوك، مجلد (١٩)، عدد (٢)، ٢٠١٦ .

٢. رۆزە حمەوەیس، بونیاد و رێکخستنی بابەت لە رۆژنامەی ژناندا، ماستەرنامە (بڵاونەکراوە) زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان، بەشی راگەیاندن، ٢٠١١.

٣. چیمەن محەمەد ڕەشید، گرفتە پیشەییەکانی ژنانی ڕۆژنامەوان لە هەرێمی کوردستاندا (توێژینەوەیەکی مەیدانیە)، ماستەرنامە (بڵاونەکراوە)، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان، بەشی ڕاگەیاندن، ٢٠٠٩.

٤. د. محمد ابراهيم عايش ، المرأة العربية و الصحافة الالكترونية- دراسة تحليلية للحضور الاعلامي للمراة العربية في ثلاثة مواقع اعلامية الكترونية، جامعه الشارقه، ٢٠٠٦.

٥. نادیە عمر کاکەسور، ڕۆڵی ئافرەت لە راگەیاندنی کوردیدا، ماستەرنامە (بڵاونەکراوە)، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێژی ئاداب، بەشی کۆمەڵناسی، ٢٠٠٤.

**چاوپێکەوتن**

١. ئەنوەر حسین ، جێگری نەقیبی سەندیکای ڕۆژنامەنوسانی کوردستان، چاوپێکەوتن- بەرنامەی بەیانیانی (KNN) ، کەناڵی ئاسمانی (KNN)، ٢٠١٦/٧/٢٣، ٨:٣٠ ی سپێدە.

٢. شۆڕش خالید، دواین سەرنوسەری ڕۆژنامەی هاوڵاتی، چاوپێکەوتنی ئەلکترۆنی لەرێی سۆشیال میدیاوە، بەرواری (٢٠١٦/٧/٥)، ٤.٤٥ ی دوانیوەڕۆ.

**پوختەی توێژینەوە**

**ئەم توێژینەوەیە تایبەتە بە قەڵەمی ژنی کورد لە ڕۆژنامەدا. ئامانج لێی ناساندن و دیاریکردنی بوارەکانی قەڵەمی ژنە لە ڕۆژنامە کوردییەکاندا گە ڕۆژنامەی هاوڵاتی و کوردستانی نوێ وەك نمونەی ڕۆژنامەی ئەهلی و حزبی وەرگیراون؛ تا جیاوازی ئاستی بەشداریکردنی ژنان بزانرێت بەرامبەر بە قەڵەمی پیاو.**

**توێژینەوەکە پشتی بەستووە بەمیتۆدی وەسفی لە ڕێی شیکاری ناوەڕۆکەوە، بۆ شیکارکردنی ناوەڕۆکی سەرجەم ژانرە بەکارهاتووەکانی نێو ڕۆژنامەکە کە ناویان لەسەرە؛ جگە لەو ژانرانەی تەنها ناوی ڕۆژنامەکەیان لەسەرە.**

**ئەم توێژینەوەیە گەیشتووە بەچەند دەرئەنجامێك لە گرنگترینیان: قەڵەمی ژن کەمترین بە شداری هەیە لە هەردوو سامپڵی توێژینەوەکەدا بەبەراورد بە ڕەگەزی بەرامبەر، هەروەها قەڵەمەکانی ژنان بەپلەی یەکەم لە چوارچێوەی ژانری وتاردایە لە بواری سیاسیدا ، و قەڵەمی ژن لە ڕۆژنامەی حزبیدا زیاتر و دیارترە وەك لە ڕۆژنامەی ئەهلی.**

**ملخص الدراسة**

**هذا البحث هو عن الكتابة النسائية في صحافة كوردية. تم تحديد أهداف البحث حقول الكتابة النسائية في الصحف الكوردية . وقد تم اختيار كوردستاني نوي و هاولاتي الصحف كمثال لصحيفة حزبية و أهلية ، وذلك لمعرفة الفروق بين كتابات النسائية و كتابات الرجال .**

**تم استخدام المنهج الوصفي لتحليل المحتوى، لتحليل البيانات فن إحدى الصحف حيث قد ذكر اسم الكاتب الخاصة بهم على الصحف، باستثناء الفن إحدى الصحف حيث قد ذكر اسم جريدة الخاصة بهم .**

**و نتيجة لهذه الدراسة تبين أن الكتابات النسائية كان الحد الأدنى للاشتراك في كل من عينات بالمقارنة مع كتابات الرجال . وبالإضافة إلى ذلك ، تم ظهر كتابات المرأة باعتبارها رقم واحد في الفن صحيفة المقال في المجالات السياسية و كانت كتابات النساء أكثر مما كانت عليه في جريدة حزبية بالمقارنة مع صحيفة خاصة.**

# Abstract

This research is about the women’s writing in the Kurdish Journalism. The aims of the research were identified the women’s writing fields in the Kurdish Newspapers; (Kurdistani Nwe) and (Hawlati )Newspapers were chosen as an example for private and patriotic Newspaper successively, in order to know the differences between the women’s writings and the men’s’ writings .

The descriptive methods of content analysis were used to analysis the Newspaper art’s data where they have mentioned their writer’s name on the Newspapers, except the Newspaper’s art where they have mentioned their Newspaper’s name.

The result of the study shows that the women’s writings have been the minimum contribution in both samples when compared to the men’s writings. In addition, the women’s writings were appeared as number one in the article Newspaper’s art in the political fields. Moreover, the women’s writings were more than in the patriotic Newspaper when compared to the private Newspaper.